

# کۆنسێرتی خۆکوشتنی کۆمەڵگایەک

## رامانێک لەمەڕ چیرۆکی (کۆنسێرتی خۆکوشتن)ی زمناکۆ بورهان قانع

**ئارام سدیق**

یەکەمین پێوەرێک کە زیندوێتی دەداتە دەق، هەنووکەیبوونی دەقو پێکهاتەی فیکریو راڤەکارییەکانییەتی، ئەگەر دەقێک نەتوانێت هاوسەردەمی ژیانی کۆمەڵگاکەی بێت، ئەوا ئەو دەقە ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێتو خزمەت بە پانتایی ژیان بگەیەنێت، لێرەوە ئەگەر لە پەیامی سەرەکی نووسین بدوێین، دەبینین پەیامی راستەقینەو لەپێشینەی نووسین جوانکردنی ژیانو پیشاندانی نەبینراوەکانی نێو گەردوونە، چونکە دواجار نووسەر بونەوەرێکی کەشفکەرەو دەیەوێت کەشفی ئەو نهێنیانە بکات کە (ئەوانیتر) ناتوانن بیبینن، یان ئەو جوانیو ناشیرینیانە کەشف دەکات کە کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر هزرو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگایەک هەیە.

مەکسیم گۆرکی گەورە رۆمانووسی رووسی دەڵێت: ئەو نووسەرەی کە باسی منداڵی خۆی دەکات، بە زمانی منداڵ نادوێت بەبیانووی راستگۆییەوە، بەڵکو بە هەستی منداڵییەوە قسەدەکات بەو شێوەیەی منداڵ بیردەکاتەوە، ئەمە منداڵی بەرجەستەدەکاتو راستگۆی دەکات، واتە گۆرکی دەیەوێت ئەوە بخاتەروو کە بەرجەستەکردنی راستگۆیی لە نووسیندا نەمری دەستەبەر دەکات بۆ دەقو گەرانەوەش بۆ منداڵی لای گۆرکی گەرانەوەیە بۆ راستگۆیی.

قسەکردن لەسەر هەر دەقێک پێویستی بە وردبوونەوەو شۆڕبوونەوە هەیە بەناخی ئەو دەقەدا، هاوکات لێکحالیبوونێکی بەرفراوانیشی هەبێت لەنێوان دەقو خوێنەردا، هیچ دەقێک لە سەدا سەد هەموو نهێنییەکانی ناوی لای خوێنەر کەشف ناکات، هەموو دەقێک هەڵگری کۆمەڵێک نهێنییە کە رەنگە ناکۆتا بێت، ئەوەی سەرکەوتنو نەمری دەداتە دەقێک بوونی ئەو نهێنییە ناکۆتایانەیە کە لە سینەیدا هەڵیگرتووە، ئەگەر دەقێک هەڵگری نهێنی نەبێت ئەوا دەقێکی سەرکەوتوو و نەمر نییە، بەو پێیەی نووسین حەزو سەلیقەیە، ئەوەی نووسەری بەتوانا لە نووسەری تر جیادەکاتەوە نەبوونی سەلیقەو شێوازی دەربرینە، واتە گرنگترین خاڵێک کە بۆ پرۆسەی نووسین گرنگە شێوازی دەربرینە، چونکە ئەگەر شێوازی دەربرینی نووسەرێک سەلیقەیەکی وردی تێدا نەبێت ئەوا ئەو دەقە دەقێکی ناکاملو کرچوکاڵ دەبێت، هەمیشە دەقە سەرکەوتووەکانن کە خوێندنەوەو لێدوانی جدییان لەبارەوە دەدرێتو راڤەی جیاجیاو لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە لێیان دەروانرێت. دەمەوێت لێرەدا ئاماژەش بەوە بکەم کە هەر دەقێک نەبێتە جێی پرسیارو پرسیارم لا دروست نەکات بەشایەنی لەسەر نووسینی نازانم، چونکە بروای تەواوم بەو قسەیە هەیە کە دەڵێت: نووسین پرۆسەیەکی لا شعوریەو زۆرجار لە دەسەڵاتی نووسەر دەچێتە دەرەوە، ئەوەی دەمەوێت لێرەدا قسەی لەسەر بکەم چیرۆکی (کۆنسێرتی خۆکشتن)ی (زمناکۆ بورهان قانع)ە، ئەم چیرۆکە گەشتێکی حەزینە بۆ وڵاتێک کە مرۆڤەکانی لەوپەری بێهودەیدا دەژینو دەستەوسان لە بەرامبەر ژیاندا وەستاونو ئایندەیان نادیارە، زمناکۆ دەیەوێت هەر لە ناونیشانی چیرۆکەکەوە ئەوە بخاتەروو کە خۆکوشتنێکی بەکۆمەڵ لەبەردەماندایەو کۆمەڵگایەک پێکەوە بریار لەسەر خۆکوژی دەدەن. من لەم نووسینەدا نامەوێت لەسەر تەکنیکو لایەنەکانی تر قسە بکەم، چونکە چیرۆکەکە بە تەکنیکێکی سادە نووسراوە، بەڵام مەبەستمە قسە لەسەر (مەوزوعییەت) لەم چیرۆکەدا بکەم، هەڵبژاردنی ئەم بابەتەو نووسینی چیرۆک لەبارەیەوە کارێکی گرنگە، چونکە خۆکوژی یەکێکە لەو دیاردانەی لەم چەند ساڵەی دوای راپەرین بەرێژەیەکی زۆر بەرچاو بڵاوبووەتەوەو کاریگەریی لەسەر سەرجەم بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە هەیە، لەم روانگەیەوە هەموو قسەکردنێک لەسەر ئەم دیاردەیە پەنجەراکێشانە بۆ ئەو زەنگە کوشندەیەی دەردێکی سامناک کە بە هێمنی تاکەکانی کۆمەڵگا بەرەو فەنابوون دەبات، خۆکوژی ئەگەرچی ناتوانین لەژێر پێناسەیەکدا قەتیسی بکەین، بەڵام ئەو پێناسەیە کە دەڵێت: کاتێک ناخ دەڕووخێتو هەموو دەرگاکانی

> زمناکۆ لە رێی ئەم چیرۆکەوە دەیەوێت تراژیدیاکانی ژیان قوڵتر لەوەی هەیە پیشانی مرۆڤ بدات دەیەوێت بڵێت برینی ژیان هێندەی قوڵییەکی ناکۆتا قوڵە، ئەگەر لەو قوڵییەوە سەیری نەکەین ژیان فریومان دەدات

ژیان لە رووی (تاک)دا دادەخرێن، تارادەیەکی زۆر پێناسەیەکی گشتگیرە، ئەگەرچی بەسەر هەندێک لە حاڵەتە خۆکوژییەکاندا تەوزیف نابێت.

ئەگەر سەرەتا بپرسین بۆچی مرۆڤ خولیای گێرانەوەی هەیەو بەردەوام دەیوێت شتەکان بگێرێتەوە، یان بۆ چێژ لە گێرانەوە وەردەگرێت؟ "عەتا محەمەد"ی چیرۆکنووس لە پێشەکی کۆمەڵە چیرۆکی (زارەکانی خەون)دا دەڵێت: گێرانەوە بۆ خۆی یەکێکە لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی ژیانو دەتوانین وەک بوونێکی سەربەخۆ سەیری بکەین کە توانای ژیانو گەشەسەندنی هەیەو لێیەوە بەرەو پەنهانییەکانی ئەندێشەو ئەودیو واقیع دەرۆین نەک واقیع. دیارە مرۆڤ هەرگیز ئارەزووی گێرانەوەی کتومتی واقیع ناکات، دەیەوێت ئەوەشی بە خەیاڵدا دەگوزەرێت هەوڵبدات لە گێرانەوەدا بەرجەستەی بکات، واتە مرۆڤ لە رێی گێرانەوەوە دەیەوێت نەمریی بەدەستبهێنێتو هەوڵدانی مرۆڤیش بۆ بەدەستهێنانی نەمری تەنها نووسین دەتوانێت لە ئەستۆی بگرێت، چونکە تەنها نووسین دەتوانێت سەردەمەکان تەی بکاتو خۆی بە نەوەکان بناسێنێت.

زمناکۆ لە رێی ئەم چیرۆکەوە دەیەوێت تراژیدیاکانی ژیان قوڵتر لەوەی هەیە پیشانی مرۆڤ بدات، یان دەیەوێت بڵێت ئەوەی ئێوە بەسانایییەوە لێی دەروانن وانییەو برینی ژیان هێندەی قوڵییەکی ناکۆتا قوڵە، ئەگەر لەو قوڵییەوە سەیری نەکەین ژیان فریومان دەدات، ئەوەتا دەنووسێت: زیندەگی فێڵێکی گەورەیە لە مردنو پێکەنینێکی ساختە بەرامبەر هەستێکی یەقین، مرۆڤ بۆ ئازارچەشتن لە نەبوونەوە دێتەبوون، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان کە قومارخانەی ژیان پربکەین لە دۆراوی دلرەق.

ئەگەرچی ژیان هێندە بێمانایە کە تەفسیر ناکرێت، بەڵام لای زمناکۆ هەموو سنوورەکانی بێمانایی دەبرێتو تا ناکۆتا بێمانا دێتە بەرچاو. زمناکۆ نەوەی سەردەمی تەکنەلۆژیایەو ئەو هەموو ئاسانکارییەی دنیای گلۆبالیزم بە پوچ دەزانێتو پێیوایە بێجگە لە سازدانی کۆنسێرتێک بۆ خۆکوشتن هیچ نییەو دەیەوێت وەکو "یەسەنین" کۆمەڵگاو تاکەکانی بکاتە دەرەوەی ئەو زەمەنەی کە ئەوی تێدا دەژی، ئەو بێزارە لەو رۆژگارەی تەکنەلۆژیا ئاڵۆزی دەکاتو لە چنگی مرۆڤی دەردەکێشێت، یان دەیەوێت وەک "سادق هیدایەت" دووری هەموو بەهاکانی ژیان لە سوچێکی ئەم دنیایەدا خۆکوشتن هەڵبژێرێت، زمناکۆ دەنووسێت: پێویستە چی دی درێژە بە ژیان نەدەین تا ئازارنەچێژین، هەڵهاتن لە ژیان بەجۆرێک لە جۆرەکان هەڵهاتنە لە کاتێک کە کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر دەرواتو بێمانایییەکی ترسناک باڵی بەسەردا دەکێشێت، ژیانیش لەو کۆمەڵگایەدا بێجگە لە ئەزموونکردنی ئازار هیچی تری تێدا بەدی ناکرێت، بۆیە چیرۆکنووس وەک عادەتێکی هەمیشەیی کە لە چەندین دەقی تریشدا ئەزموونی کردووە، دەیەوێت لەم دەقەشدا ئەزموونی خۆکوشتن بکات، بەڵام جیاوازی ئەم دەقە لە دەقەکانی تری نووسەر لەو خاڵەدایە کە دەیەوێت ئەمجارە بە تەنها نەبێتو تەنها خۆی بەرەو نادیار نەروات، بانگهێشتی تەواوی کۆمەڵگا دەکات بۆ خۆکوشتنو دەیەوێت کۆمەڵگا لە کۆنسێرتێکی تایبەتدا پێکەوە بریار لەسەر خۆکوشتن بدەن. زمناکۆ لەو گەنجانەیە کە نوێنەرایەتی نەوەیەک دەکات کە بە تەواوەتیو تا دوا پلە لە ژیان بێزارنو دەیانەوێت خۆکوژی ئەزموون بکەن یان کردوویانە، ئەو نەوەیەش پاش راپەرین بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەشێوەیەک کە مایەی تێرامانو وردبوونەوە بوو، بۆیە ئەگەر سەیری ئەو ئامارانە بکەین کە لە بارەی خۆکوژی گەنجانەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەو راستیەمان بۆ ساخ دەبێتەوە کە زمناکۆ تەنها کاری لە خەیاڵدا نەکردووە، بەڵکو ویستویەتی لە رێی گێرانەوەیەکی فەنتازییەوە واقیع بەرجەستە بکات کە من پێموایە سەرکەوتوو بووە، هەروەها ئەگەر زمناکۆ نووسەر نەبوایە پێموایە یەکێک دەبوو لەو گەنجانەی کە ساڵانێک دەبوو خۆکوژی ئەزموون دەکرد، چونکە بەپێی لێکۆڵینەوەی ئەو زانایانەی لە دەروونشیکاری ئەدەبدا کاریان کردووە، نوسەران لە نووسینەکانیاندا بەر لە هەر شت ئەو شتانە دەخەنەروو کە دەیخوازن یان دەیانەوێت ئەزموونی بکەن، بۆیە ئەگەر بە وردی سەرنج لە زۆرێک لە رۆمانو چیرۆکی گەورە نووسەرانی جیهان بدەین، وێنەیەکی نا روون، زۆرجار روونی ئەو نووسەرەمان دێتە بەرچاو کە نزیکییەکی لەگەڵ ژیانی تایبەتیو ژیانی واقیعی نووسەردا هەیە، هەر چۆن کاتێک (پیرەمێردو زەریا)، یان (بحر القدر)ی هەمەنگوای دەخوێنینەوە وێنەیەکی روونی ژیانی ئەو نووسەرەمان دێتەوە بەرچاو، یان کاتێک تاوانو سزای (فیۆدۆر دیۆستویڤسکی) دەخوێنینەوە هەستێکی تەواومان لادروست دەبێت کە پاڵەوانی رۆمانەکە «راسکۆلینکۆف» خودی نووسەر خۆی بێت، ئەمەش بە بەراوردکردنێکی سەرپێیانەی ژیانی نووسەرو ئەو پاڵەوانە دەردەکەوێت، بۆیە لەم چیرۆکەی زمناکۆشدا تەواو هەست بەوە دەکەین کە زمناکۆی نووسەری چیرۆکەکە ژیانی خۆی نووسیوەتەوە، ئەم قسەیەش بەو مانایە دێت کە ئەم دەقە بەرلەوەی بۆنی کەسی تری لێبێت نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ژیانی تایبەتی نووسەردا هەیە.

جان فریفیل دەڵێت: ئەدەبو هونەر خۆیان مەیدانی جەنگنو تێیاندا ئایدیۆلۆژیای جیاجیا رووبەرووی یەکتر دەبنەوەو بێبەزەییانە کۆنو نوێ دەستەویەخەی یەکتر دەکاتو بیروبۆچوونی کۆن هەرەس دێنێتو لەناودەچێتو گۆرانی قوڵ لە ژیانی مرۆڤدا بەرپا دەکات، واتە ئەدەبو هونەر هەندێکجار دەبنە ئەو مەیدانەی نەوەکان (کۆنو نوێ) تێیدا دەستەویەخە دەبنو لە دواجاردا یەکێکیان سەرکەوتوو دەبێت کە (جان فریفیل) پێیوایە کۆن هەرەس دێنێت، بەڵام لەم چیرۆکەدا تەنها نەوەیەک هەرەس ناهێنێت، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگا بەتەواوەتی هەرەس دێنێت، زمناکۆ تەواوی کۆمەڵگا داوەتی خۆکوشتن دەکاتو خۆیشی دەیەوێت «رازاوەتری بکات»، بۆیە دەکرێت ئەم چیرۆکە لە ریزی ئەو ئەدەبەدا پۆلێن بکەین کە بە ئەدەبی (عەدەمییەت) ناودەبرێتو هیچ تروسکەیەکی ئومێدی تێدابەدی ناکرێت، ئەگەر ئەمەشمان پۆلێنکرد زمناکۆ لە ریزی ئەو نووسەرانەیە کە بە عەدەمی دەناسرێت.